بەرز عەمار حەکیم دووپات دەکاتەوە کە عێراق هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا دەدات و بانگشەش بۆ سەقامگیری سووریا دەکات



لەدیدارێك کە لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا بۆیز ئانیل بۆرا ئەنان کەیکردەوە، بەرز عەمار حەکیم سەرۆکی هەڵکانی هاوپەیمانێتی نیشتمانی دووپاتی کردەوە کە عێراق هەمیشە بەلایەوە گرنگ بووە کە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ هەردوو وڵات و گەلی دۆست پتەو بکات، جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی هاریکاری لە زەربەی بواركان بۆتایبەتی سیاسی و ئابووری، ئاویش بەشێوەیەك کە خزمەتی هەردوو لا بکات.

سەبارەت بە پشهاتەکانی ناوچەکە سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بە خواست و بڕیارەکانی گەلی سووریا پیشاندا و دووپاتی کردەوە کە ئەوان شایستەی ژیانێکی بەشکۆ و خۆشن دوای مەینەتیەکی درێژ، گوتیشی هیوادارە ك حکومەتێکی سەرتاسەری لەسووریا پێك بهێنرێت کە تیشکدانەوەی ئیرادەی هەموو پێکهاتەکانی سووریا بێت، هەروەها لە سەقامگیری و گەشەپێدانی وڵاتیش بەشدار بێت.
سەماحەتی حەکیم نیگەرانی خۆی سەبارەت بە داکشانی قەوارەی ئیسرائیل لە خاکی سووریا دەربڕی و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەرپرسیارێتی خۆی بگرێتە ئەستۆ لەووبەرەنگاربوونەوەی ئەو هکاریە، گوتیشی ئەمن و سەقامگیری سووریا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ سەقامگیری ناوچەکە و وڵاتانی دراوسێ.

لە چوارچێوەی دۆخی ئەمنی ناوچەکەش سەماحەتی عەمار حەکیم هەشداری دا لە قەستنەوەی هێکخراوی تیرۆریستی داعش بەهەی دۆخی خراپی چەند وڵاتێك و گوتیشی ئەو کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەمنی ناوچەکە هەیە، لە کۆتاییشدا ئایگەیاند کە عیراق هەوڵ دەدات بۆری ناوەوەی بەهێزتر بکات و مامەڵەی ئاڕێنیش لەگەڵ دۆخی تازەی سووریا بکات بەشێوەیەك کە خزمەتی سەقامگیری و بەرژەوەندی هەردوو وڵات بکات.